

## تازەترین کلیپی هونەرمەدی لاو سامان شەوکەت  تۆفیق ....!!!

لەم چەند ڕۆژانەدا هونەرمەندی لاوی دەنگ خۆش سامان شەوکەت تۆفیق بە دەنگە بە سۆز و زولالەکەیەوە توانی کۆتایی بە جوانترین کلیپی خۆی بهێنێ لە ژێر ناونیشانی سینبوڵی کوردستان ،بابەتی کلیپەکەش سرودێکە لە یادی بارزانی بە شێوازێکی زۆر جوان و ڕێک و پێک دروستی کردوە ،هۆنراوەی کلیپەکەش لەلایەن شاعیری هێژا و خۆشەویست کاک ئەدیب چەلکی نووسراوە ،وە ئاوەزەکەشی لە لایەن کاک شەعبان سولەیمان دانراوە ،دابەشکردنی میوزیکیش لە لایەن خودی هونەرمەند سامان شەوکەت تۆفیق کراوە . وە وێنەی کلیپەکەش لە لایەن کاک شۆرش سەدیق شۆرشڤان گیراوە و مۆنتاژ کراوە ، ئەم کلیپە لە یەکێک لە شارەکانی ئەلمانیا بە هاوکاری ستۆدیۆی کوردستان تیڤی ئەنجام دراوە ، بە راستی لەم کلیپە هونەرمەند زۆر خۆی هیلاک و ماندو کردوە تا بتوانی ئەم کلیپە قەشەنگە و بە پێزە بەرهەم بهێنێ وە هەمیشە لە هەوڵ دانە بۆ خزمەت کردن و پەرەپێدانی هونەری گۆرانی و میوزیکی رەسەنی کوردی ،ئەم کلیپەش لە ڕۆژی ١٦ی ئاب پەخش دەکرێ و دەکەوێتە بەردەستی گوێگران و خۆشەویستانی تامەزرۆی گۆرانی کوردین، ئێمەش دەست خۆشی لە کاک سامان دەکەین هیوای تەمەن درێژی و لەش ساغی بۆ دەخوازین وە هیوادارین هەمیشە سەرکەوتووبیت لە بواری هونەر و گۆرانی و میوزیکی ڕەسەنی کوردی ..

**بێوار**

13.08.07